# وەڵامێکی کورت بۆ کاك مەنسووری عەزیزی

## سەبارەت بە 10خاکە لێوە،ئاوێنەیەك بۆ تێڕوانینێکی خێرا بە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران

ئارام_ ئەحمەدی بانەی

کاتێك چاو لە مێژووی حزبی دیموکراتی ئێران بکەین کە خاوەن تەمەنێکی زۆرە لە هەمان کاتیش خاوەن هەزاران شەهیدە، بەڵام ئەوەی شوێنی سەرنجە کە ئەمڕۆ حزبی دیموکرات خۆی لە ناو پێخەفێکی گەرم داپۆشیووە و دەیەوێت با و بۆران و هەوای ساردو گەرم لێی نەدات و لە هەمان کاتیش لە ژێر ناوی پێشەوا کۆماری کوردستان بکات بە تێشووی سیاسی بۆ مەرامی سیاسی خۆی بە کار بهێنێت.!!

کاتێك چاوم بە نووسینەکەی کاکە مەنسوور کەوت، وەك ئەندامێکی دیموکرات چۆن دەیەوێت هەنگاو بنێت و ووشەکان بهۆنێتەوە بۆ ئەوەی، لە ژێر ناوی پێشەوا قازی و کۆماری مهابات بکات بە موڵکی تایبەت بە پارتیەك و لە هەمان کاتیش گەورە بوونی کۆماری مهابات و پێشەوا قازی بکات بە موڵکی پارتیەك، وەك کارتێکی سیاسی تەسکی پارتی بە کاری بهێنێت بۆ هەندێك مەرامی سیاسی کە ئێستا گۆرانکاریەکی گەورە لە ناوچەکە دروست بووە لە هەمان کاتیش لە ناو خۆی رۆژهەڵات هێزێکی نوێ خۆی ئۆرگانیزە کردووە سەرکێشی سیاسەتێکی نۆیە لە هەموو بوارەکان، راستە حزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەستی سەرکردە و پێشەوا قازی بە ئەنجام گەیشت، بەڵام لە هەمان کات کەسایەتی قازی و کۆماری مهابات نە دروست کراوی حزبی دیموکراتی کوردستانن، بەڵکو بە پێچەوانەوە حزبی دیموکراتی کوردستان ناسنامەیەکی بەجێ ماوی ئەمانن، ئەگەر ئێمە بێین شەهیدان و کوردستان بکەین بە موڵکی پارتییەك ئەمە نابێتە هەنگاوێکی زانستی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەکان و نا بێتە مانای سیستەمی دیموکراتی بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان!! کاتێك کاك مەنسوور زۆر ڕاشکاوانە و بێ دوو دڵی دەنووسێت حزبی دیموکراتی کوردستان بنەمای سیاسەتی زانستی لە کوردستان پێك هێنا، پێچەوانەی ڕاستینەی ئەو حزبی دیموکراتەی ئێستایە کە لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی لە کوردستان لە پێخەفێکی گەرمدا خەوی لێکەوتووە لە هەمان کاتیش خاوەن هیچ هەڵوێستێکی کرداری سیاسی و سەربازی نییە کە هەنگاوی نا بێت بەڵکو حزب لە چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵێك، دەست بەرداری چەلاکییە سیاسی و سەربازیەکانی بووە تا دڵی دەسەڵاتی سەردەستیان لێنەتۆرێت، یان بڵێین با لە چیاکان بەر هەواوی سارد و گەرم نەکەون و لە پێخەفە گەرمەکەی باشوور بە دەرنەکەون.!! هەمان کاتیش لە ژێر ناوی کۆمار و پێشەوا پەرە بە مانەوەی خۆی بدەن و لە سەر میسرای شەهیدان دەست لە دەسەڵاتی پاوەن خوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهێنن.!! لە کاتێك کاك مەنسوور دەڵێت حزبی دیموکرات سەرچاوەی زانست و دیموکراتییە، من پێم وایە پێچەوانەکەی زۆر ڕوونە، ئەگەر کۆماری مهابات ڕێگەی بە بارزانی دا خۆی سازبکات و لە هەمان کاتیش هەنگاو بۆ ئەوە بنێت کێشەی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی مهابات دەربخات و بیکاتە کێشەی نەتەوەی لە هەمان کاتیش بانگەوازێك بوو بۆ ئەوەی مهاباد ببێتە شوێنگەی بنیات نانی ڕۆحی نەتەوایەتی ئەمە بێ دوودڵی ڕاستینەی خواستی پێشەوا بوو، لە هەمان کاتیش بەرزانی بوو پشتی لە ڕاستینەی هەڵوێستی نەتەوایەتی هەڵگرت و لە ڕۆژی شکستی کۆمار بەرەو باشوور هەڵهات، وە تا ئێستاش پارتی دیموکراتی عێراقە دەستی لە توانەوە و لە ناو بردنی کەسایەتییە شۆرشگێرەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان هەیە نەك باشوور بە تەنیا، بۆ ئەمەش ئەتوانی چاو لە

بڵاوکراوەی مەکتەبی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان بکەیت کە لە بەرامبەر بە بارزانی قیادە مەوقەتە نووسراوە، لە زاری مەکتەبی ناوەندی چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.؟

لە هەمان کاتیش خۆ هەر حزبی دیموکراتی ئێران بوو لە پێناوی دەسەڵاتی خۆی لە رۆژهەڵات دەستی بە شەری ناوخۆی کرد لە گەڵ کۆمەڵەی ئێران؛ بە شێوازێکی سیاسی لە بەرامبەر بە هێزەکان و پارتەکانی تری پارچەکانی کوردستان شەری سیاسی تایبەتی کردوە و لە هەمان کاتیش ڕۆژهەڵات بە موڵکی خۆی دەزانێت ئەمە نە فەلسەفەی زانستییە؛ بگرە ئەمە ئەقڵیەتی فیوداڵیزمی عەشرەتییە کە تا ئێستاش پەرەی سەندووە خۆ ئەمەش پێچەوانەی پێشەوا قازییە.!!

کاک مەنسوور  با ناوی دیموکرات بێت، بەڵام ناوەڕۆك شەرتە، زۆر کەس دەڵێن ئێمە دیموکراتین یان کۆمۆنیستین یان ئیسلامین، بەڵام هەمووشیان باوەڕیان بە قسەو ڕەمزەکانی خۆشیان نییە، باشە کاک مەنسوور خۆ بەڕێزت لە ئەوروپایت، باشە بۆ پێم ناڵێت قسەکانی کاك مستەفای هجری سکرتێری حزب دیموکرات لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخستنی ئەوروپا چی بوو.؟ قسەی چی کرد و هەڵوێستی دیموکراتی چۆن نیشاندا بەرامبەر بە لایەنەکانی تری گۆڕەپانی سیاسی.؟  هەر کاك مستفا نەبوو گووتی ئێمە وەك حزبی دیموکراتی کوردستان 20ساڵە مردووین دەمانەوێت جارێکی تر خۆمان زیندو دەکەینەوە لە هەمان کاتیش هەر حزب و ڕێکخراوێك بیەوێت کاری سیاسی بکات ئێمە تا دواین کات شەڕی دەکەین ئەگەر دەسەڵاتمان هەبێت!! کە بە ئاشکراش دەستی بۆ پارتییەك ئاشکرا کردبوو، ئەگەر بەڕێزت لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخستن ئاگاداری باش دەزانی مەبەستی حزبی دیموکرات و کاك مستفای هجری چییە؛ ئەوە فەلسەفەی شەڕی ناوخۆ بوو یان دیموکراتی کە دوای بیست ساڵ مردن بە زیندوو بوونەوە پەرە بە شەڕی براکوژی دەدات؛ کاتێك لە ڕۆژهەڵات هێزی گەل بۆ خۆی دەتوانێت بە ئۆرگانیزەیەکی ڕێکخستنی بێت و لە هەمان کاتیش پەرە بە چالاکیەکانی خۆی بدات، ئەوە حزبی دیموکرات هەڵوێستی دیموکراتی نەتەوەی خۆی دەنوێنێت و لە هەمان کاتیش هەزاران ناویان بۆ دەدۆزێتەوە و لە هەمان کاتیش بە دارودەستی ئیتلاعات ناویان دەبات. باشە ئەگەر ئەم پروپاگەندەیە تا ماوەیەك لە بەرژەوەندی حزبی دیموکراتی ئێراندا بوو، بەڵام خۆ ئەمە لە خزمەت گەلەکەمان نییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، با دەیان پارتی دروستی بن با ئایدۆلۆژی بیرو بۆچوونی ئەوان جیاواز بن بەڵام لە خزمەت دیموکراتی و گەلدا بن، با هەرچین و توێژێك بە پێی ناسنامەی خۆی خزمەت بکات بە گەلەکەمان، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە گەشتن بە ناسنامەیەکی ئازاد و سەربەخۆیە..

تەنها ئەوەی من مەبەستمە با کەسێکی وەك پێشەوا کە مۆرکی نەتەوەی لە مێژووی خۆی داوە لە هەمان کاتیش بۆتە سیبوڵ بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان با لە پێناوی بەرژەوەندی حزبی بچووکی نەکەینەوە لە هەمان کاتیش نەیکەین بە موڵکی پارتییەك، هەرچەندە گەورە بوونی پێشەوا بە کەس بچووك ناکرێتەوە لە هەمان کاتش شەهید و کوردستان موڵکی هەموو کوردێکە چ لایەنی باشی بێت یان خراپیش، بۆیە من لێرە ڕوو لە بەڕێزت دەکەم کە چیتر با حزبی دیموکرات بە کردار و کاروخەبات پەرە بە ڕێبازی قازی و شەهیدان بدات نەك بە قسەی بریقەدار و بێکردار، بۆیە ئەو کوردەی ئەمرۆ لە کوردستان و دەرەوەش ژیان دەکات کوردی 30ساڵ یان کوردی 10ساڵ لەمەو بەر نییە کە بێئاگابێت لە ڕاستیەکان، هیوادارم کە حزبی دیموکرات جارێکی تر ئەزمونی تاڵی باشووری کوردستان لە ڕۆژهەڵات دووبارە نەکەنەوە هەرچەند، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە خاوەن هەستێکی زانستییە لە هەموو بوارەکان، هیوادارم بەڕێزیشت خۆت فریوونەدەیت و واش هەست نەکەیت کە کەس کێشە و چالاکیەکانی ناو رۆژهەڵاتی کوردستان نابینێت، چونکە ئەمڕۆ حزبی دیموکرات لە سەدا نەوەدی ڕۆژهەڵات بە ئەندام و لایەنگری خۆی دەزانێت، کە ئەم ئامارەش لە ساڵی 1979کراوە لە سەردەمی سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەڵام ئەمڕۆ ساڵی 2005ە هیوادارم ئاستی گەشتن بە زانیستی کلتووری دیموکراتی ببێتە بنەمایەکی نۆێ لە ناو کارو

**خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەمان کاتیش هەر کەس بە ناسنامە و بیرو بۆچوونی خۆی خزمەت بە گەل و دیموکراتی بکات....!!!**